https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# تەکنیکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە شیعری نوێی کوردیدا

پ. د. فاضل مجید محمود
م. ی. سارا صدقی حمەأمین

کۆلێژی زمان ــ زانکۆی سلێمانی

Fadhil.qasim @univsul.edu.iq

sara.hamaameen@univsul.edu.iq

**پوخته**

ئاشکرایە (دیالۆگ) لە دونیای مرۆڤایەتیدا کاریگەریی گرنگی هەبووە و هەیە بۆ لەیەکتر نزیکردنەوە و یەکخستن و کۆکردنەوەی بیروڕا جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ، جگەلەوەش هۆکارێکی شیاوە بۆ پەیوەندیکردن و دۆزینەوەی ڕاستییەکان، ئەمەش هاندەرێکی کاریگەرە بۆ زیندووهێشتنەوە و گەشەسەندنی هەوڵ و کۆششەکانی ئادەمیزاد، لەلایەنی هونەری و ئەدەبیشەوە ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، هەربۆیە لێرەدا وەک تەکنیکێکی هونەری و ئەدەبی لە بواری شیعردا، بەهۆی ئەو بەناویەکداچوونەی ژانرە ئەدەبییەکانی (شیعر و پەخشان) و تێکەڵبوونی لایەنی تەکنیکی، بە تایبەتی هونەری دیالۆگ، لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (تەکنیکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە شیعری نوێی کوردیدا) بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە. لێکۆڵینەوەکە، پەیڕەوەی ڕێبازی وەسفیی شیکاری کردووە.

وشەکلیلییەکان: تەکنیکی دیالۆگ، ڕەهەند، دیالۆگی ناڕاستەوخۆ، دەق، شیعری نوێ، گێڕانەوە.

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکە کە بە ناونیشانی (تەکنیکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە شیعری نوێی کوردیدا)یە، ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تیۆرییە و باس لە زاراوە و چەمک و ڕەهەندەکانی دیالۆگ دەکات. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ تەکنیکی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ و تایبەتمەندییەکانی و شێوەی بەکارهێنانی دیالۆگ و پراکتیزەکردنی بە نموونەی دەقی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش ڕێبازی وەسفیی شیکارییە، سنووری لێکۆڵینەوەکە لە نموونەی شیعری نوێی کوردی ساڵانی نێوان (١٩٢٠-١٩٥٨)، شاعیرانی زاری کوردیی ناوەڕاست پێکهاتووە. هەرچەندە بەتایبەتی لە بواری ژانری پەخشاندا، وەک بەشەکانی (چیرۆک، ڕۆمان و دراما)، هەروەها لە بارەی شانۆی شیعری و تەنانەت لە شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیکدا، توێژینەوە و نامەی ماستەر و دکتورای لەبارەوە ئەنجامدراوە، بە شێوەیەکی گشتیش باس لەم تەکنیکە هونەرییەی ڕەگەزی گێڕانەوە کراوە، ئەمەش هۆکاربوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و گرنگیی تەکنیکی دیالۆگ لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی و گەیاندنی ئامانج و مەبەستی شاعیران. لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم/ دیالۆگ- زاراوە و چەمک و ڕەهەندەکانی

### ١-١: زاراوەی دیالۆگ:

وشەی دیالۆگ (Dialogue/Dialog) بەپێی فەرهەنگی زمانە جیاوازەکان بە واتاگەلێک هاتووە، بنەڕەتی وشەکەش لە زمانی لاتینیی کۆنەوە وەرگیراوە و گواستراوەتەوە بۆ زمانە ئەوروپییەکان (بڕوانە:

سابیر، ٢٠٠٢ ، ١١: حەسەن، ٢٠٠٤، ١١٤: www.sama3y.net)، وەک زاراوە دیالۆگ لە دوو برگەی (دیا) (Dia) لەگەڵ (لۆگ)(Logue) پێکدێت، "کە برگەی یەکەم واتا دوو کەس، یان دوو قۆڵی دەگەیەنێت. برگەی دووەم بە واتای گفتوگۆ، یان دەمەتەقێ دێت" (سلێمان، ٢٠١٢، ٩٦) ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای "گفتوگۆ، دەمەتەقێ، گفتوگۆی دووقۆڵی، وتوێژ، گفتوگۆی شانۆگەری یان چیرۆک" (بڕوانە: قەرەداخی،٢٠٠٦، ٢٧:عومەر،٢٠٠٥، ٩٨: عومەر، ٢٠١٣، ٢٠) دێت.

لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە دیالۆگ وشەی (الحوار) دانراوە، واتە بە وشەی الحوار وەرگێردراوە، کە بنەڕەتی وشەی الحوار لە سێ پیتی (ح، و، ر)پێکهاتووە، ئەمیش بۆ چەند وشەیەک داڕێژراوە و واتای جیاواز دەگەیەنێت. (بڕوانە: ضمرة، ٢٠٠٥، ٢ https://scholar.najah.edu)، ئەم واتایانەش لە زمانی عەرەبیدا پەیوەست بە (یاسا و ڕێسا)وە سێ بناغەی هەیە، هەروەک ١. مانای ڕەنگ، ٢. گەڕانەوە، ٣. خولانەوەیەک، واتە شتێک یەک خول بخولێتەوە، یان گەڕانەوە لە شتێکەوە بۆ شتێک. (ابوالحسین، ١٩٧٩، ١١٥، https://archive.org)، جگە لەم سێ بنەما واتاییە بە واتای "گفتوگۆ، هەڤپەیڤین..." (جەبار، ٢٧٠٧، ٢٢٤)یش دێت.

لە زمانی فارسیدا، دیالۆگ یا گفتوگۆ واتاگەلێکی لەخۆگرتووە، هەروەک "سخن، صحبت، گپ، مباحثه، محاوره، مذاکره، مشافهه، مصاحبه، مقال، مکالمه، مجادله" (بڕوانە: مترادف، www.vajehyab.com، معین، www.vajehyab.com)، ئەمەش لە بەکارهێنانە گشتییەکەیدا، کە واتاکانیان نزیکە لە بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە، هەروەها بە واتاکانی "وتوێژ، گفتوگۆی دوو کەسی، دەگەڵ یەکدی ئاخاوتن، گفتوگۆگەلی ئەدەبی و دراماتیک" (پوور، ٢٠٠٨، ٦٠٧، www.pertwk.com)یش دێت.

له زمانی کوردی و له فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)ی هەژاردا، ئاماژە بەم واتایانە کراوە: "وتوێژ، گفتوگۆ، قسەکردن دەگەڵ یەکتر" (هەژار، ١٣٨١، ٩٠٧)، لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و بواری نووسیندا بەرانبەر بە واتای "گفتوگۆ، وتوێژ، هەڤپەیڤین، ئاخاوتن، پەیڤین، قسەکردن" (بروانە: محمودی، ٢٠٠٢، ١١٠: کۆری زانیاری کوردستان،٢٠٠٦، ٢٤: سەقزی، ٢٠٠٥، ٨ www.pertwk.com )بەکاردێت. فەتاح کاویان لە فەرهەنگی (حەوتەوانە)دا فرەواتایی بەکارهێنانی وشەی وتوێژکردن لە زمانی کوردیدا بە چەند نموونەیەک ئاماژە پێدەدات(کاویان، ٢٠٠٠، ٣٠٥):

یەکەم/ وتوێژکردن، بە مانای لێکۆبوونەوە و لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە دەوترێت: "ئەوانەی مانیانگرتووە داوادەکەن ئەو کەسانە بێننەوە سەرکاری خۆیان کە دەرکراون و هەتا ئەوانەش نەهێننەوە سەرکار، دەڵێن دەگەڵ هیچ کەس وتوێژناکەن".

دووەم/ وتوێژکردن (دەگەڵ/ لەگەڵ)، بە مەبەستی گۆڕینەوەی دیل/ زیندانی واتە ئاگربەست"، نموونەی بەکارهێنانی ئەم واتایەش لەم دەربڕاوەدا بەرجەستەدەکەین:

"ئەفسەرێک بە ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە هاتە پێش بۆ وتوێژ (لەگەڵ ژینەراڵەکەمان)".

سێیەم/ وتوێژکردن دەگەڵ بە واتای گفتوگۆ و ڕێککەوتن، نموونەی ئەم واتایەش لەم دەربڕاوەدا دەبینرێت:

"هەرچەند ئەو وڵاتە چکۆڵە، دەکرێ بڵێین، بە چۆکدا هاتبوو، بەو حاڵەش لە فکری ئەوەدا نەبوو کە دەگەڵ هێرشکەران وتوێژ بکا".

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە شاعیران، وەک ناونیشانی دەقی شیعری وشەی (دەمەتەقێ، یەک دواندن) یان بەکارهێناوە، بە نموونەی شاعیر (هێمن، هەژار، دیلان، قانع...).

### ٢-١:چەمک و ڕەهەندەکانی دیالۆگ

دیالۆگ بەپێی هەندێ سەرچاوە، واتاکەی مایەی هێنانەئارای کۆکبوون و ئاشتەواییە، نەک دوورخستنەوە، هەروەک ئیسحاق ڕەحمانی لە کتێبەکەیدا وەها تۆماریکردووە، کە دیالۆگ بەو مانایە جوان و ناسکە جەمسەرەکانی گفتوگۆ لەیەکنزیکدەکاتەوە، نەک پەرتەوازەی بکات (رحمانی، www.iikv.org). بە واتا باوەکەی بریتییە لە کردەی ئاخاوتن، کە پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵایەتیی ژیانی ئادەمیزادە و بەهۆیەوە هەست و هزری مرۆڤەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە، هەندێکجار بە پرۆسەی "ئاخاوتنی دوو کەس، یان زیاتر دەستپێدەکات، کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گوزارشتەکانیان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧)، بەکاردەهێنرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە دیالۆگ هەندێ کات "ئەو ڕەگەزە سەرەکییەیە، کە مرۆڤ لە کاتی کێشە و گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەدا پەنای بۆ دەبات، تا یارمەتیی بدات لە ڕزگارکردن و دەربازبوونی". (محمد، ٢٠٠٩، ١٢١) هەر لەگەڵ ئەمەشدا دیالۆگ بە مانای وەرچەرخان لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر یان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دێت، بەمپێیە دەکرێت جارێک پرسیار یان پرسکار، جارێکیش سەلمێنەر، جاری سێهەمیش ڕەتکەرەوە بێت بەمشێوەیەش بەردەوامدەبێت (رحمانی، www.iikv.org )، ئەمەش هەڵگری ئەو چەمکەیە کە دیالۆگ "ئاماژەیە بۆ تێگەیشتن و دانوسان و پێکەوە گونجان" (رحمانی، www.iikv.org)، بەم پێیە بایەخی گۆڕینەوەی زانیاری و بیروڕاکان لە ئەنجامدانی دیالۆگدا لە "گرنگی و ڕوونی ئامانجەکەیدایە، کە ڕاستییە، گەڕانە بۆ بەدەستهێنانی ڕاستییەکان، هەر ئەمەشە وادەکات مرۆڤ لە

کاتی پێویستدا پەنا بۆ دیالۆگ ببات و پشتی پێببەستێت" (العودة،http://salmanalodah.co)، بە جۆرێک لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ بە ڕاستی شتەکان بگات.

ڕووبەری واتایی وشەکە، وەک ئاماژەی بۆ کرا لەلایەن توێژەران و پسپۆرانی بواری ئەدەبەوە بۆ بەرجەستەکردن و ڕاڤەکردنی زانستەکەیان لە دووتوێی زاراوەدا کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەمپێیە دیالۆگ لە مەودای ئەدەبناسیدا واتاکەی بەرتەسککراوەتەوە و لەناو زانستێکی دیاریکراودا سنووردارکراوە.

لە مەودای ئەدەبیدا، زاراوەی دیالۆگ لە سێ ڕەهەندەوە ناسێنراوە، هەروەک ڕەهەندی دەرەوە، ڕەهەندی ناوەوە و ڕەهەندی هونەری دیالۆگ، کە تەکنیکی دیالۆگکردن دەگرێتەوە، هەڵبەت نووسەر و توێژەران ئاشکرا و دیار ئەم سێ ڕەهەندەیان دەستنیشاننەکردووە، بەڵکو لە خستنەڕووی پێناسەکانیاندا بۆ ناسینی زاراوەکە ئەم سێ ڕەهەندەی لێهەڵدەهێنجرێت.

**بەشی دووەم: دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە شیعری نوێی کوردیدا:**

**١-٢: دیالۆگی ناڕاستەوخۆ و تایبەتمەندییەکانی:**

هەرچەندە ئەمجۆرە لە دیالۆگ لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان دوو کەسە یان دوو کارەکتەرەوە سازدەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کەسی بەرانبەر یان کارەکتەری دووەم ئامادەیی نەبێت، واتا دیالۆگەکە بەهۆی تەنها کەسی یەکەمەوە کە وەک گێڕەرەوە یان شاعیرەوە، کە "دیالۆگ بە ئامرازێکی گونجاوی پیشاندان (وێنەکێشان) و هەڵماڵینی سروشت و هەڵوێستی کەسەکان، جگە لە پەرەپێدانی ڕووداو، هەروەها لەسەر ئاشکراکردنی ڕەگەزی کات و شوێن کاردەکات، کە لە چوارچێوەیەکدا بۆ ڕووداو و

کەس وەسفدەکرێن... هەروەها دەبێت دیالۆگ بەرانبەر (وەک یەک) بن لەگەڵ کەس یان لە ئەوەی سەرچاوە دەگرێ و ئاماژەی بۆ دەکات و کلیلی پێگەیشتن و ئامرازێکی سەرەتا دەبێت بۆ دەرخستنی کەس". (سلیمان، ٢٠١٣، ٤)

لێرەدا دەکرێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆی (وتی، وتیان، پرسی، پرسییان) یان ڕاستەخۆ بە ناوهێنانی کەسی نائامادە دیارییبکرێت، ئەمەش بە بکەری گێڕانەوەکەوە ئەنجام دەدرێت، هەندێکجار وەک گێڕەرەوەیەکی شارەزای هەمووشتزان، هەندێجاریش دەبێتە کارەکتەرێک و گێڕەرەوەی بابەتێک، وەک گێڕەرەوەی کەمشتزان، لە گێڕانەوەی ڕووداو و پێشهات و بەسەرهاتی کەسەکان دەدوێت، "کە بیرۆکەیەکی شاراوە لەخۆدەگرێت... خوێنەر هەستی پێدەکات". (یاقووب، ٢٠١٣، ١٢٣). بۆ نموونە (هەژار)ی شاعیر لە دەقی (بەیتی سەرەمەڕ) (هەژار، ٢٠٠١، ٤٦٤)دا، کە لە چەند ناونیشانێک پێکهاتووە، بە گێڕانەوەی چەندین ڕووداو و بەسەرهات و مێژووی ژیانی شار و لادێ و کەسەکان، لە ڕێگەی حیکایەتخوانەوە و دیالۆگی ناڕاستەوخۆی کەسەکان و کارەکتەراکانەوە دەگێڕێتەوە، زمانی دیالۆگی کەسەکان ئاستی کەسایەتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان پیشاندەدات، لە ناونیشانی (شوانی ناخوازن؟)دا دەڵێت:

((بە گورگیان گوت ببە شوان

دای دایە قوڵپی گریان))

((وتیان: گورگە دەگری، بۆ؟

وتی: دەترسم لە درۆ))

تەنبەڵیش گوتیان: حەی حەی

جا ئەوە چۆن دەکریٚ و کەی؟ (هەژار، ٢٠٠١، ٤٧٨)

هەروەها (م. نەریمان) لە دەقی (بەرخی بەستەزمان و گورگی ستەمکار) (سالّح١، سالّح٢، زەنگنە،٢٠١٠، ٦٠٥)، چیرۆکە شیعریٚکی ڕەمزییە، لە ڕیٚگەی گیٚڕانەوەوە دیالۆگی ناڕاستەخۆی دوو کاراکتەری (بەرخ و گورگ)، بابەتییانە دەسەلاٚتی زۆردار و ستەمکار و بیٚبەشبوونی زولٚملیٚکراو و لەناوبردنیان پیشاندەدات، دەلٚیٚت:

گورگ ووتی: بەرخە بابی تۆ دویٚنیٚ: بەبیٚ هیچ باسی دایمی جوینی

بەرخ ووتی: میرم پار لەم وەختەدا: بابم مردوە هەر لەم شویٚنەدا

گورگ ووتی: داکت مانگیٚ لەمەوبەر: گەلی قسەی ووت لە دەشت و لە دەر

دەنگم قەت نەکرد پیاوەتی من بوو: ئارەزوم وایە ئەم کرد بە وون بوو

بەرخ ووتی: ئەمە دوو مانگە داکم: گۆشتی خوراوە بیٚ بابو داکم

هەروەها (پیرەمیٚرد)ی شاعیر لە داڕشتنی پەندەکانیدا بە شیٚوەی پرس دیالۆگی ناڕاستەوخۆی بۆ گیٚڕانەوەی ڕووداو و دەرخستنی ئاستی زانیاریی کەسەکان و گەیاندنی مەبەست و ئامۆژگاری بەکارهیٚناوە، کە دەلٚیٚت:

بە خواجەیان وت: قیامەت کەیە

وتی: کە مردم مەحشەر ئەوەیە

ئەڵێن فەلەستین لە دەست حەوت دەوڵەت

چۆن وا بە ئاسان دەست جوولەکە کەوت؟

وتیان لە پێشدا قووەتی ئیمان

ئەو فەلەستینەی دا بە موسڵمان ( پیرەمێرد، ١٩٨٠، ١٨٤)

لە دەقی شیعری (گوڵەوەچنی)دا، (پیرەمێرد)ی شاعیر، وەک گێڕەرەوەی بابەتێک و خۆیشی بەشێکە لە دیالۆگەکە، سروشتی کوڵاندنی گوڵ و پەیوەندیی نێوان گوڵ و بولبول وەک دوو مەعشووق بە شێوەی پێدانی هەواڵ و زانیاری بە وەرگر و خوێنەر بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

بولبول بە گوڵی وت: بەلووتوپووت

نازم کەمکە، گەلێ گوڵی وەک تۆ پشکووت

گوڵ وتی: ڕاستە ئەم تەعنەت، بەڵام

کەی عاشق ئەمەی بەمەعشووقەی گوت؟

گوڵم دی لەناو کوڵی مەنجەڵا

ئەیانکوڵاند و گڕی لە دڵا

وتم: چیتککردووە ، وا ئەتسووتێنن؟

وتی: پێکەنیم، لە عەرشی چڵا (پیرەمێرد،٢٠١٠، ٢١٧)

هەروەها (سەلام)ی شاعیر لە دەقی (هەژاری کڵۆڵ)دا، بە تەکنیکی فرەدەنگی و بەهۆی وەسف و دیالۆگەوە، کە گێڕانەوەیەکی خودییە و شاعیر وەک کەسێکی بەشدار لە ناوەوەی ڕووداوەکاندا ئەرک و ڕۆڵدەبینێ، بەهۆی دیالۆگی ناڕاستەوخۆوە چیرۆکی کڵۆڵی پیاوێکی پیری جوتیار و هەژارمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە بارودۆخێکی سەختدا ژیان دەگوزەرێنێ، ئەویش بەهۆی زۆرداریی دەسەڵاتی ئاغا و حوکمی نایاسایی سەردەم، توخمی کات و شوێنیش یارمەتیدەرن لە گێڕانەوەی ڕووداو و دەرخستنی کەسەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، کە دەڵێت:

پیاوێکی پیری بێ پێڵاو و جل

لای لێ بڕییبو سەردڵ و سپڵ

جامانە شڕ و سەر بەبێ کڵاو دەرپێ پیناوی لە خام و لە جاو

تا دەڵێت:

پێم وت ها مامە بۆچی داماوی؟

لەچی ئەگەڕێی بۆ تێک قوپاوی؟

سەری هەڵبڕی ڕوانی بە بەرما

تۆزێ حەپەسا زۆر چوو بە شەرما

وتی لێم گەڕێ دەردی من زۆرە

بەیان ناکرێ مەگەر بە نۆرە

پاشان دەڵێت:

پۆلیس بردمی بە پاڵە پەستۆ

خۆم و دوو بزن دام نابوون بۆ دۆ

چوینە لای مودیر خۆم و بزنم

ڕەبی نەیبینێ دۆست و دوژمنم

بە بێ پرس و ڕا زۆر لێم توڕەبوو

جنێوی دامێ تا تاقەتی چوو

ئەوسا پێی وتم سەگبابی تەرەس

موڵکانەی ئاغا نادەی بە هەوەس؟ (سەلام، ١٩٩١، ١٥١-١٥٢)

پاشانیش گێڕانەوەی ڕووداوی لێپرسینەوەی پیاوەپیرە هەژارەکە لە بنکەی پۆلیس لە ڕێگەی دیالۆگی ئاغا و مودیر و پیاوە هەژارەکەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

پێم وت فیدات بم جەنابی مودیر

تۆزێ گوێ بگرە لێم مەبە دڵگیر

من جووتم نییە زەوی ناکێڵم

موڵکانە لەچی ڕەشایی خێڵم

ئاغا پێی وتم سەگباب بێ عاری

ڕەشاییت کوانێ؟ بێگار و دیاری

ڕەشایی وەک تۆ لە دێی ئەم و ئەو

دیاری ، بارەدار، مریشکی قەڵەو

کوانێ؟ فرۆ و ماست، کوانێ کەرەو ڕۆن

سەگباب ڕەشایی لە کوێ وەکو تۆن؟ (سەلام، ١٩٩١، ١٥٢-١٥٣)

(بێکەس)ی شاعیر لە دەقی (ئەی مانگ)دا، دیالۆگکردن لەگەڵ سروشتدا، وەک کەسی نائامادە و قسەکردن لەگەڵیدا بەبێ وەڵام وەرگرتنەوە، وەک جۆرێک لە دیالۆگ بە شێوازی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ و شاعیر لەپێناو گەیاندنی مەبەست و هەڵڕشتنی خەم و خەفەتی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی ڕوودەکاتە مانگ بە شێوەی بانگکردن و سەرسوڕمان و فەرمانکردن دیالۆگ دەکات، پاشان لێی دەپرسێت، کە دەڵێت:

ئەی مانگ ! من و تۆ هەردوو هاودەردین هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین

تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە

منیش دەربەدەر بە شارانەوە

دەخیلتم! ئەی مانگ قیبلەی دڵداران

دەرمانی دەردی دڵەی بیماران

شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریام

بێ یار و هاودەم، عاجز و تەنیام

پاشان دەڵێت:

دوچاری چی بوی وا پەشێواوی

لەبەرچی پەست و مات و داماوی؟

پێم بڵێ توخوا چەند جوانت دی؟

چەند جووتە یاری دەس لەملانت دی؟

تا دەڵێت:

ئەی مانگ! ئەوەندە سەیری دنیات کرد؟

سەیری نفاق و زوڵم و ریات کرد؟

بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی ڕەنگ و شعووری بە جارێ بردی!(بێکەس، ٢٠٠٨،١٧٠-١٧١)

هەروەها لە دەقی (باسی ڕەمەزان)دا بێکەسی شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆوە، خۆی وەک بکەر (قسەکەر/ گێڕەرەوە) و کۆمەڵی خەڵکی وەک وەرگر و وەڵامدەرەوە، باسی بەسەرهات و حاڵی ژیانی میللەتی کورد دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەویش مانگی ڕەمەزانە وەک ڕێوڕەسمی خۆئامادەکردن و بەجێهێنانی ئەرکێکی ئاینی موسڵمانان و چۆنەتیی بەڕێکردنی ڕۆژەکانی ژیانیان لە شێوەی دیمەنێکی درامی و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

خەڵقە پێم بڵێن کە چی قەوماوە

ئەم خەڵقە بۆچی ئەڕۆنە ڕۆژاوە؟

هەر غەڵبە غەڵبی خەڵکە و تێ ناگەم

هەر ئەڵێن هەورە و فەرقی پێ ناکەم

یەکێ هات وتی چۆن تۆ نازانی!

لە سایەی خواوە خۆ موسوڵمانی

ئەمڕۆ سی و یەکە وا ڕەمەزانە

مانگێکی گەورەی موسوڵمانانە(بێکەس، ٢٠٠٨، ١٣١)

(بێکەس)ی شاعیر لە گێڕانەوەی دەقی چیرۆکە شیعرییە منداڵانەکانیدا، وەک (تەماعکار، یەکیەتی، جوتێک کۆتر و بۆقێک)، دیالۆگی ناڕاستەوخۆی نێوان کاراکتەرەکان، وەک هۆکارێکی گرنگ و پڕ بایەخ بە مەبەستی پێدانی پەند و ئامۆژگاری بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا "هەر چیرۆکە شیعرێکیش مەبەستێک یا زیاتر دەگەیەنێت. مەبەست و ئامانجی شاعیرانی نووسەری چیرۆکەشیعر بۆ منداڵانی کورد، لە پاڵ چێژ و خۆشیبەخشین پێیان، ئامانجیشیان هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن و ڕێنماییکردن و ئاراستەکردن و پەند فێرکردن و سوودبەخشینە بە منداڵانی کوردمان". (شوان، ٢٠٢٠، – (https://pmnews.se/?p=48239

(گۆران)ی شاعیریش لە دەقی (بۆ گوڵی لاولاو) و (ئەی نەی)دا دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ بە شێوازی پرسیارکردن و سەرسوڕمان و بانگکردن و داواکاری لە بەرانبەر، کە بابەتێکی سروشتی و بێگیانە، ئەگەرچی سەرەتا بە هەواڵپرسین و دواتر بە وەسف و پیاهەڵدان، شاعیر وەک بکەر و کەس ڕۆڵی گێڕەرەوەیەکی شارەزا دەبینێت و دیالۆگەکە پێشکەشدەکات، سەرەتا لە (گوڵی لاولاو)دا دەڵێت:

به کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ!

لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت؟

هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ

ئەژاکێی؟ تۆخوا، ئەی گوڵ، سەبر، دەستم بە دامانت! (گۆران، ١٣٨٦، ١٧٤)

یان لە دەقی (ئەی نەی)دا دەڵێت:

ئەی نەی چییە وا بە سۆز و سازی؟

بۆچ تۆش وەکوو ئێمە عیشقبازی؟

یا مەحرەمی ڕازی عاشقانی؟

بۆ ئاهی دەروونی تەرجومانی؟

تا دەگاتە:

ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان

ئەم ناوە بە جارێ پڕ سەداکە

بۆ ڕۆحی شکستەباڵی ناڵان

لاوانەوەیەک بە کوڵ ئەدا کە! (گۆران، ١٣٨٦، ١٧٥)

هەروەها (دیلان)ی شاعیر لە دەقی (کونەپەپووی شەڕ)دا بە شێوازی فەرمانکردن و لە ڕێگەی وەسف و دیالۆگەوە، دەرخستنی کاراکتەر و ئاشکراکردنی بیر و هەڵوێستی شاعیر، وەک گێڕەرەوەی بابەتێک، بە

شێوەی هێما و ڕەمز، باڵندەی کونەپەپووش وەک کاراکتەر لە چەند لایەنێکەوە ڕەمزی مێژوویی و فیکری و فەلسەفی و ئەفسانەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا "نیشانەی ئاژاوە و سیخوڕی و شوومییە" (پاڵەوان، ٢٠١٠، ١١٢)، کە "شاعیر ڕەمزێک لە شوێنی ناوی کەسەکە دادەنێت، کە مەبەستیەتی بۆ شاردنەوەی ناوی ڕاستی کەسەکە" (محمود ش، ٢٠٠٧، ٢٠٧)، هەروەها "بەکارهێنانی ڕەنگ لە شیعردا جگە لە واتا سادەکەی خۆی هەندێ جار واتا و مەبەستی تریش دەگەیەنێ ئەمەش شێوەی بەکارهێنانەکەی لە شاعیرێک بۆ شاعیرێک دەگۆڕێت" (محمود ف، ٢٠٠٧، ١٦٢-١٦٣)، بەم هۆیەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگار و سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تیایدا ژیاوە، دەڵێت:

تۆ بخوێنە هێلانەواز/ ئەی دوژمنی جریوە و باز

هاوڕێی دووکەلی ناساز/ مشک و مار بێنەرە پەرواز

تۆ بە قریشکەی ساماویت/ چاوی بەفرۆفێلاویت

باڵی ژاکاوی خوێناویت/ چنگی تیژی خوێناویت

پاشان دەڵێت:

چیای شیرین... چیای شیرین/ لوتکە سپی دامەن ڕەنگین

پڕ لە لالە و وەنەوشەی شین/ مەنزڵگای قوربانی و برین

هۆی شانازی نەتەوەی کورد/ بڵێ ... بە قەندیل و هەڵگورد

کوننەپەپووی بە هەڵپە و برد/ ئەو باوکەی مرد، ئەو باوکەی مرد (دیلان، ٢٠١٣،١١٠-١١٧)

لێرەدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە یان دووبارەکردنەوەی حاڵەتێک لە دەقێکدا بۆ گەیاندنی مەبەستێکی درامییە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، بە شێوەیەک "کاریگەریی درامیانەی ئەم جووڵە زیرەکانەی ئەو دیالۆگە کورت و ڕێکوپێکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستە پێچەوانەیەی نێوان ئەوەی، کە دەگوترێت لەگەڵ ئەو کردارە سایکۆلۆژی و دەروونییەی، کە دەبێت بە بنچینە بۆ دیالۆگەکە". ( یاقووب، ٢٠١٣، ١٢٤)

## ٢-٢: شێوەی بەکارهێنانی دیالۆگ لەشیعری نوێی کوردیدا:

بابەتێکی تری هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا، هەروەک لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا بەدیکراوە، ئەوەیە کە "هەمیشە دەستپێکەری دیالۆگ گێڕەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو کاراکتەرەی کە بەرانبەر گێڕەرەوە وەستاوە، سەرەتای دیالۆگی دەستپێکردووە، هەرچەندە گێڕانەوەکە هەر خودییە" (سلێمان، ٢٠١٢، ٩٨)، ڕۆڵی بکەر لە گێڕانەوەکەدا بابەتیانە دەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکە، وەک (کامەران موکری) شاعیر لە دەقی (شەپۆلی زێڕ)دا، بۆ باسکردن لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و ئابووریی ئەو سەردەمە، کە "ئەوانەی خۆیان ئەفرۆشن بە زێڕ، دڵیان لە زێڕ سارد و سڕترە جوانییان وەک جوانیی پەیکەری مەڕمەڕی بێگیانە" (موکری، ٢٠١٣، ١٢٠) ئاماژەیان بۆ دەکات، دیالۆگێکی ڕاستەخۆ ئەنجام دەدات، دەڵێت:

............

پەنجەی هێنا،

کچێکی جوان

نەرم و نیان

پێڵوومی جوڵان بە نەرمی

سەرنجی دامێ بە گەرمی

وتی گیانە..

وتم: ئەی فریشتەی جوانی

(مژدەی خۆشی و کامەرانی)

باڵی ئاڵان لە گەردنم (موکری، ٢٠١٣، ١٢١-١٢٢)

هەروەها (هێمن)ی شاعیر لە دەقی (فرمێسکی ڕونوو)دا، سەرەتای دیالۆگە شیعرییەکەی بە وتەی دڵدارەکەی دەستپێدەکات و پاشان تەواوی دەقە شیعرییەکە وەڵامی شاعیر دەبێت، لە بابەتی مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری... هتد، بە شێوەی داواکردن و پرسیارکردنە، کە دەڵێت:

تۆ گوتت: " من ئاشقی سەوداسەر و دینم دەوێ؟"

من گوتم: تاکوو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ

هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لە دیدارت بکەم

تا بزانی کوانێ بۆ جوانێ دڵ و دینم دەوێ؟ (هێمن، ٢٧٠٨، ٣٥٨)

(بەختیار زێوەر)ی شاعیر لە دەقی (خەوبینینی کوردەواری)دا، بابەتێکی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و عەقیدەیەکی باوی ناو میللەتی کورد، لە ڕێگەی دیالۆگ و وەسفەوە، ڕووداوەکانی ناوچەیەکی کوردستان (هەڵەبجە)مان بۆ دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەکی خودی و لە ڕێی بەکارهێنانی

جێناوی کەسی یەکەمەوە دیالۆگی کەسی بەرانبەر و خۆیمان لە شێوەی ڕوونکردنەوەی خەوبینینەوە بۆ ئاشکرا دەکات، دەڵێت:

لە هەڵەبجە بووم ڕێم کەوتە مزگەوت

دووانم دی یەکەم زوبانی نەسرەوت

وتی لە خەوما لەوحەیەکم دی

ڕەنگی ڕەش بەڵام بە خەتی سپی

لە ناوەڕاستی وەها نووسرابوو

(فلان کەس هاکا تووشی قەزابوو)

وتم ئەم خەوە نابێ بە ئەساس

هیچ دڵی خۆیشت مەخەرە وەسواس

وتی واچاکە خەبەر بنێرم

ئاگای لەخۆی بێ من خاوەن خێرم ( بەختیار زێوەر، ٢٠٠٨، ٣٩-٤٠)

هەروەها (دڵدار)ی شاعیر لە دەقی (دڵزار شیعرەکەت)دا، کە نامەیەکی شیعرییە و تیایدا وەڵام دەنێرێتەوە بۆ دڵزار، تیایدا داواکاری دڵزارە بە شێوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ و ئاڕاستەی شاعیر کراوە، کە دەڵێت:

دڵزار شیعرەکەت ، دڵزار شیعرەکەت

دڵزار نامەکەی پڕ شعوورەکەت

گەیشتە دەستم لە وەختێکی وا

کافر بە حاڵم نەبیتن، خوا!

ئەڵێی شەش سەدو کسوور قەرزاری

ئایا بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟

زرنگ و هۆری درهەم و پارە

بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە!

(دڵدار، ١٩٧١، ٧٤-٧٥)

لە دەقی (لالە باس)دا، (دڵدار)ی شاعیر لە چیرۆکێکی شیعریدا بەسەرهاتی ژیانی جوتیارێکی پیری هەژاری شارۆچکەی کۆیە، بە هۆی وەسف و دیالۆگی ناڕاستەخۆوە دەگێڕێتەوە، کە قسەکەر/ بکەر گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە، لە کاتی کارکردنیدا دەکەوێتە ئاخاوتن و پرسیاری لێدەکرێت و وەڵامدەدرێتەوە، پاشان وەڵامدەر دیالۆگی خۆی و کەسێکی تر دەخاتەڕوو بۆ زیاتر پیشاندانی حاڵ و بارودۆخی ژیانی کەسیی جوتیاریی سەردەمی ئاغا و دەرەبەگی زۆردار، کە دەڵێت:

ڕۆژێکی پایز لە پێش نیوەڕۆ لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ/ ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ / گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو دەنگی نووسابوو بە هێ هێ و هۆ هۆ / هەی ماندو نەبی لالۆی جووتیارە وتی: هەر بژی ڕۆڵەی لەسەرخۆ / وتم: کاری جووت، ڕەنجی لاوێتی زۆر دوورن لەگەڵ پیرێکی وەک تۆ / ڕەسووڵەی کوڕت ڕەنجبەری چاکە زەلامی ملهۆڕ، لاوی چوست و جۆ / کوا بۆ چی جووتت لەباتی ناکا بۆ چی تۆ نادا، بۆ چی نابڕێ شۆ/ هەندێ پێکەنی، سەیرێکی کردم دەستی خستە سەر ڕیشی وەک پەمۆ / ئاگری دڵی لە هەر دوو چاوی بڵێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ / وتی: لە هاوین

کێخا کاکە سوور هاتە ماڵەوە پێی وتم: لالۆ / شایەدی بدە زەوی «زێڕین دۆڵ» کە وا هێن منە قورئانیش بخۆ / وتم: کاکە سوور، بەم سەر و ڕیشە ئۆباڵی خەلقی ناخەمە ئەستۆ / وتی: هەروەها بە سەری ئاغا ئەتکەمە پۆڕی بەر چەنگی هەڵۆ / بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم ماڵیان دامە بەر شیلینگی بڕنۆ / سێ مانگام هەبوو بە تالانی برد منالی هێشتم، بەبێ ماست و دۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٥٦-٥٨).

(سەلام)ی شاعیریش لە دەقی (قوتابخانەی کوردستان)دا، بە تەکنیکی گێڕانەوە بەهۆی دیالۆگ و وەسفەوە، کە بە شێوەی دەقێکی شیعری درامی بەرهەمهێنراوە، بارودۆخی هەموو لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا پیشاندەدات، لە ڕێگەی کەس و ئاماژەکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، سەرەتا کوردستان وەک ناوەندێکی زانستی گەورە و شوێنی پێکەوە ژیانی ئاینە جیاوازەکان وەسفدەکات، پاشان لە ڕووی خوێندنەوە داواکارە کۆمەڵ بە گشتی هەوڵی پەیداکردنی کەسی زانا و خوێندەوار بدات، تا لەو ڕێگایەوە هەموو دەردە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسییەکان لەناو میللەتدا نەمێنێت، بە تەکنیکی فرەدەنگی و دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناڕاستەخۆ و گێڕانەوەی خودی بابەتەکە خراوەتەڕوو، کە دەڵێت:

دانشگای گەورە وا لە کوردستان

یەکەم مەکتەبە هەر بۆ موسڵمان

تاک و توک شاگرد لە گاوور و جوون

ژمارە ئەکرێن لە ڕیزی نەبوون

تا دەڵێت:

پیاوێکی گەورە بەڕێز و حورمەت

وتی گوێ بگرن کۆمەڵی میللەت

مامۆستای گەورە خاوەن هۆش و بیر

زۆر کەمە لامان بۆی بکەین تەدبیر

پاشان دەڵێت:

(نیفاق) ئەفەندی ، حازر ئەفەندم

(ئیتفاق) کوانێ؟ چو بۆ جەهەنەم

(درۆ)و (دەڵەسە) قوربان حازرین

هەردووکمان لێرەین ئێمە داخڵین

(ڕاستی)و (سەداقەت) میرم دووبران

یەکێ بە دوو ساڵ پار مەحکوم کرا

دواتر دەڵێت:

کەوتە پرسیار مودیر سەرلەنوێ

بانگی کرد وتی: گشت گوێتان لێ بێ

ناوی کامتانم دەخوێندەوە ئەمجار

دەنگێ هات وتی: مودیر ئیستعمار

تۆ کێی؟ وا دایم حازر جەوابی

نزیک لە بەدی دوور لە صەوابی

چەند زوو جەواب ئەدەی تۆ لە پرسیار

وتی: نازانم منم ئیستعمار (سەلام، ١٩٩١، ١٢٨-١٣٤)

لەم نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە لە شیعری نوێی کوردیدا بەهەمان شێوەی شیعری کۆن (کلاسیک) شاعیران لە دەربڕینی شیعرەکانیان و لە پێناو گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکە و ئامانجی خۆیدا بە هەردوو شێوەی دەربڕینی کەسی قسەکەر (بکەر)، کە جارێک خۆی دەستپێکەری دیالۆگە و جارێکیش بەرانبەر دەستپێکەری دیالۆگەکە دەبێت بە هەر دوو جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناڕاستەخۆ.

**ئەنجام:**

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- دیالۆگ لە ڕووی وشە و زاراوەوە چەند وشە و زاراوەیەکی بۆ بەکاردێت، بەڵام لە ڕووی واتا و چەمک و پێناسەوە بە یەک واتای ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یان زیاتر و بۆ یەک مەبەست و ئامانج بەکاردێت، کە لە بواری ئەدەبیاتدا بۆ سێ ڕەهەندی (ڕەهەندی دەرەوە و ڕەهەندی ناوەوە و ڕەهەندی هونەری) دیاریدەکرێت.

٢- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان دوو کەسە یان دوو کارەکتەرەوە سازدەبێت، کە کەسی بەرانبەر یان کارەکتەری دووەم ئامادەیی نەبێت، بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆی (وتی، وتیان، پرسی، پرسییان) یان ڕاستەخۆ بە ناوهێنانی کەسی نائامادە دیاریدەکرێت. بەمەش گێڕانەوە و دیالۆگ یان لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە، یان گێڕەرەوەی کەمشتزانەوە ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە، کە لە گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودی پێکدێت.

٣- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ، وەک تەکنیکێکی هونەری لە شیعری نوێی کوردی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨)دا، ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، لە ڕووی بەرهەمهێنانی چیرۆکی شیعری و نامەی شیعری و داڕشتنی پەندە شیعرییەکان و شیعری درامی، بۆ گەیاندنی ئامانجی شاعیر و مەبەستە شیعرییەکە.

٤- وەک بابەتێکی تری تەکنیکی دیالۆگ، لە شیعری نوێی کوردیدا هەردوو شێوەی دەربڕینی کەسی قسەکەر (بکەر)، کە جارێک خۆی

دەستپێکەری دیالۆگە و جارێکیش بەرانبەر دەستپێکەری دیالۆگەکە دەبێت بە هەر دوو جۆری دیالۆگەوە.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:

- جەلال ئەنوەر سەعید (٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- سدیق سالح- رەفیق سالّح- عەبدوڵا زەنگەنە(٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خوولی دووەم، ب. دووەم، ژ. ٢١-٣٦، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- سەلاح حەسەن پاڵەوان (٢٠١٠)، شیعری کراوە (لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا)، چ. یەکەم، د. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. ئاراس، هەولێر.

- شنۆ محەمەد مەحمود (٢٠٠٧)، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چ. یەکەم، چا. چوارچرا، سلێمانی.

- فازیل مەجید مەحمود (د.)( ٢٠٠٧)، سروشت لە شیعری گۆراندا، چ. یەکەم، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

### عەرەبی:

- ادريس كريم محمد (٢٠٠٩)، الوحدات السردية في حكايات كليلة دمنة، ط. ١، دار المجدلاوى للنشر و التوزيع، عمان – أردن.

### گۆڤار و ڕۆژنامە:

**کوردی:**

- ڕامان (٢٠١٠)، هەڤپەیڤین لەگەڵ سەلاح حەسەن پاڵەوان، گ. ڕامان، ژ. (١٥٧).

- عەلی عوسمان یاقووب(سوید) (٢٠١٣)، ئاماژە شاراوەکانی زمان لە بنیاتی شانۆیی، گ. ڕامان، ژ. (١٩١).

- ناز ئەحمەد سەعید، ئەڤین ئاسۆس حمە (٢٠١٨)، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم ، ژ.(١٥)، کانوونی یەکەم.

- هەژار فەقێ سلێمان (٢٠١٢)، هونەری دیالۆگ لە شیعری مەحوی-دا، گ.ڕامان، ژ. (١٨٥).

**عەرەبی:**

- بسام خلف سليمان (٢٠١٣)، الحوار في رواية الإعصار و المئذنة لعماد الدين خليل(دراسة تحليلية)، م. كلية العلوم الإسلامية، ع. الثالث عشر، مجلد السابع.

**٣- نامە زانکۆیەکان:**

- ئەردەڵان شوکور سابیر(٢٠٠٢)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

- یاسین ڕەشید حەسەن(٢٠٠٤)، ناوەڕۆک و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١-٢٠٠٢) ، نامەی ماستەر، کولێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## ٤- فەرهەنگەکان:

- بەختیار سەجادی، محەمەد محمموودی (٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، رەخنەی ئەدەب، تیوری ئەدەبی)(کوردی- ئینگلیزی)و(ئینگلیزی- کوردی)، د. چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- حەمە ڕەشید قەرەداخی (٢٠٠٦/١٣٨٥)، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی- کوردی، چ. یەکەم، دەزگای چاپ و نەشری ئیحسان – چاپخانەی اسوه.

- عەبدوڵڵا جەبار (٢٧٠٧)، فەرهەنگی شارا (عەرەبی – کوردی)،چ١، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

- فتاح کاویان(٢٠٠٠)، حەوتەوانە (فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی- فارسی)، چ. یەکەم، چاپخانەی ئۆفیسی تیشک، د. چاپ و پەخشی سەردەم.

- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان(٢٠٠٦)، زاراوەی ئەدەبی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر..

- محەمەد عومەر(٢٠١٣)، فەرهەنگی گیرفانی مەورید (نوێ) (ئینگلیزی – کوردی)، چ.یەکەم، بڵاوکراوەی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی..

- موحسن ئەحمەد عومەر (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر.

- هەژار(١٣٨١)، هەنبانەبۆرینە (فرهنگ کردی-فارسی)، چ. سوم، کتابخانەی ملی ایران، سروش، تهران.

**٥- سایتی ئەلیکترۆنی:**

**کوردی:**

- بابان سەقزی(٢٠٠٥)،فەرهەنگی ئاڤێستا، ئینتەرنێت.

www.pertwk.com/pdf/ferhangi- avesta.pdf

- ڕەزا شوان(٢٠٢٠)، چیرۆکە شیعرەکانی فائق بێکەس بۆ منداڵان.

https://pmnews.se/?p=48239

- هەژیر عەبدوڵڵا پوور(٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر(فارسی-کوردی)، ب. یەکەم، چ. یەکەم، چا. خانی(دهۆک)، هەولێر.

www.pertwk.com/pdf/ferhangi-hejir-1-pdf

**عەرەبی:**

- احمد بن فارس بن زکریا ابو الحسین، معجم مقایس اللغة(ت. هارون)، م. ح. : عبدالسلام محمد هارون، الجزء الثانی،دار الفکر للطباعة والنشر و التوزیع، ١٩٧٩م.

https://archive.org/stream/FP10288/02_10289#mode/2up

- اسحاق رحمانی، دراسة عن أسلوب الحوار فی القرأن الکریم،

www.iikv.org//al-Nur

- لدیالوج- منتدی سماعی للطرب العربی الأصیل،

http://www.sama3y.net/forum/showthread.php

- سلمان العودة، معنى كلمة الحوار،

http://salmanalodah.com/main/46494-3-معنى-كلمة--الحوار-.html

- معن محمود عثمان ضمرة، الحوار فى القرآن الكريم،رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٥.

https://scholar.najah.edu/sites/default/files/all-thesis/dialogue_in_the_holy_quran.pd

**پ- فارسی:**

-https://www.vajehyab.com/?q=گفتگو&f=motaradef

-https://www.vajehyab.com/moein/معجم

**٦-دیوانەکان:**

- بەختیار زێوەر(٢٠٠٨)، دیوانی بەختیار زێوەر، کۆکردنەوەو پێشەکی ونووسینی پەراوێز(مەحموود زێوەر)، چ. سێیەم، د. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- پیرەمێرد (١٩٨٠) ، پەندەکانی پیرەمێرد ، کۆکردنەوەو ساغکردنەوە و لەسەرنووسین و پێشەکی: کاکەی فەللاح، ب. چوارەم، چا. الحوادث، بەغدا.

- پیرەمێرد (٢٠١٠)، سەرجەم دیوانی پیرەمێرد بەرگی (٣،٢،١)، چ. یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، چا. شڤان، سلێمانی.

- دڵدار (١٩٧١)، دیوانی دڵدار، چ. دووەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

- سەلام(١٩٩١)، دیوانی سەلام، ئا. پێداچونەوەی پێشەکی: ئومێد کاکە ڕەش، چ. دووەم، چاپخانەی الحوادث ،بەغدا.

- فایق بێکەس(٢٠٠٨)، دیوانی بێکەس، ڕێکخستن و ئا. ئومێد ئاشنا، چ. یەکەم، سنە.

- کامەران موکری(٢٠١٣)، دیوانی کامەران موکری شاعیر، ئا. لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا ئاگرین (د)، چ. دووەم، هەولێر، ،

- گۆران، عەبدوڵڵا(١٣٨٦)، دیوانی گۆران، بڵاوکراوەی پانیز، چ. سێیەم، چاپخانەی دالاهۆ، کتابخانەی ملی ایران، تهران.

- محەمەد ساڵح دیلان(٢٠١٣) ، دیوانی شیعر، ئا. لێکدانەوە و پەراوێزنووسین و پێشەکی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، چ. دووەم، چا. چوارچرا، هەولێر.

- هەژار (٢٠٠١)، دیوانی هەژار بۆ کوردستان، بڵاوکراوەی ئاراس – ژ.٤٦، چ. چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- هێمن موکریانی(٢٧٠٨) ،دیوانی هێمن موکریانی (سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن)، نووسیار: وریا حەبیب، چ. یەکەم.

**الملخص:**

من الواضح أن (الحوار) في العالم الانسان كان له دور مهم و أساسي في التقريب و التوحيد و تجميع الآراء المختلفة في جميع جوانب الحياتيه الإنسانية، كما أنه من أحد الأسباب المعقولة و المندمجه من أجل الأتصال و المحادثة و كشف الحقائق. ويعد هذا وسيلة مهمة من أجل البقاء حيا و كذلك تطور و تقدم محاولات الإنسان في الحياة، ويعد دورا مهما في كلا الجانبين الفني والأدبي ولاسيما في الجانب الأدبي لعب دورا بارزا. لذلك نلقي الضوء على أهمية هذا التكنيك في الجانب الفني و الأدبي في مجال الشعر، نجد هذا التكنيك في النماذج و الأنواع الأدبية المتضدالة مع بعضها البعض مثل (الشعر – النثر)، مع تداخل الجانب التكنيكي أي القصد الوسائل و الآليات الفنية والأدبية ولاسيما فن (الحوار)، و خصصنا هذا البحث بعنوان (تقنية الحوار غير المباشر في الشعر الكوردێ الحديث). إعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلى و طبقناه على نماذج و أمثلة لأشعار شعراء الكورد الحديث.

**Abstract:**

Obviously Dialog in the world has been having beneficial effects on drawing together, unite and collecting various ideas about life's humanity,Therefore it is a possible reason for communication and discovering the truth.This is a motive to keep alive human development, It is considered an important role in both the artistic and the literary side, especially in the literary side, it played a prominent role Therefore, we shed light on the importance of this technique in the artistic and literary side in the field of poetry, we find this technique in the literary models and genres that are in conflict with each other, such as (poetry - prose), with the overlapping of the technical aspect, meaning the intent, the means and the artistic and literary mechanisms, especially the art of

(dialogue). This research is devoted to (the technique of indirect dialogue in modern Kurdish poetry). The research depended on the analytical descriptive method and applied it to models and examples of the poetry of modern Kurdish poets.